# ئايا راپۆرتەکەی بێکەر-هاملتن راپۆرتەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانمانلە 1924 ناخاتەوە بیر؟!

شەفیقی حاجی خدر
Shafiq68@gmail.com

تائێستا لە میدیای کوردستانی زۆر لەسەر راپۆرتەکەی بێکەر– هاملتن گوتراوەوە نوسراوە، منیش لێرەدا هەوڵ دەدەم هەندێک خاڵ بخەمە رو، ڕەنگبێ بەپێی پێویست تیشکیان نەخرابێتە سەر، لەگەڵ شیکردنەوەو لێکدانەوەی مەترسیەکانی بەگەڕانەوە بۆ راستیە مێژوییەکانو گەمەی سیاسی هاوچەرخ.

●– راپۆرتەکە پێکهاتوە لە 142لاپەڕە، 79 راسپاردەی لەخۆگرتوە. هەر بەتەنها خودی راسپاردەکان گرنگ نین. ئەوەی تائێستا باسکی لێوەکراوە زیاتر راسپاردەکانی(26، 30، 29، 28، 27و35)ن، هەر ئەوان گرنگو دژوار نین، بەڵکو راسپاردەکانی دیکەش گرنگن. بێجگە لەوەش پێشەکی راپۆرتەکەش و راڤەکردنی خودی راپۆرتەکە زۆر گرنگە، چونکە تیایدا داڕشتنی مەبەست و سیاسەتی راپۆرتەکەی لی دەردەکەوێ، لەوەش گرنگتر هێنانەوەی ئەو ئەرگومەنتانەی کە راپۆرتەکە پشتی پێ بەستوون. هەروەها نابێ بایەخی ئەو چوار نەخشانەی عێراقیش بەهەند هەڵنەگرین کە بوونەتە پاشکۆی راپۆرتەکە.
بۆیە لەو وتارەمدا ئاماژە بۆ ژمارەی لاپەڕەکانو ژمارەی راسپاردەکان دەکەم، بەپێی سەردێڕی بابەتی ناوهاتوو.

●– جارێ لەبەراییەوە راپۆرتەکە هەربۆ بارێکی زۆر دەقاودەق نەهاتوە کە چارەسەرێک بۆ کێشەی ئاسایشی عیراق بدۆزێتەوە، بەڵکو هەر وەک لە بەرایی لە نامەی جێمس بێکەرو لی هاملتۆن سەرانی لیژنەی راپۆرت نوسەکە، کە بە یەکسانی لەنێوان هەردو حزبی دیموکراتخوازو کۆمارییەکان دابەش بون،هاتوە کە " زۆر لە ئامریکییەکان نارازین، نارِازیبوونەکەشیان نەوەک هەر دەربارەی بارودۆخی عێراقە بەڵکو دەبارەی موناقەشەی سیاسیانەی ئێمەیە دەربارەی عێراق". ل ix
هەروەها هەر لەدرێژەی نامەکەیان باس لە چارەسەریەکی دولایەنە(واتە هەردو حزب لەسەری رازی بن) بۆ کێشەکان دەکەن، بەمەش دەبێ بەرێوبەرایەتی بوش کە کۆماریخوازە لەگەڵ کۆنگرێس کە زۆرینەی دیموکراتخوازە رێک بکەون. ئەوان راپۆرتەکەیان وەک پەرجویک یان کارێکی جادویی رزگارکەر نابینن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەڵێن بادودۆخەکە ماتەمبارو خراپە، بەقسەی خۆیان راپۆرتەکەی دەرەتانیکە بۆ رزگار بوون. بەپێی نامەکە بی، ئامریکا راستە ئێستا بەرامبەر عێراق فەرمانبەرداره، بەڵام بەرژەووەندی ئامریکا بەرژەوەندی درێژ خایەنی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، بۆیە لەبەر چاوگرتنی ئەو بەرژەوەندییانە پاڵنەری رێگاچارەسەریەکانی پشێوی عێراقە. ئەوان لەراپۆرتەکەیاندا نوسیویانە کارپێکردنی راسپاردەکان بۆ عێراق، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکاو ناوچەکەیە، پێویستە نەوەک هەر رەوتی سیاسەتی کارپێکراوی ئامریکا لەعێراق لەبەرامبەر بارودۆخی پاشاگەردانی ئێستا بگۆڕێ، بەڵکو سیاسەتی دیپلۆماسیانەشیان لەناوچەکەدا رەوتێکی دیکە وەربگرێ. واتە گۆرانی نوارِینێکی فرهرەهەندی دیکە بۆ ناوچەکە. لێرەدا پرسی گەورە کە خۆی بەزەقی نیشان بدا ئەوەیە، ئایا پێگەی کوردستان تاچەند لەنێو ئەو روانینە نوێیەدا جێی کراوەتەوە؟ بەپێی راپۆرتەکەو راسپاردەکانی بێ بارودۆخەکە وەک ئەوان دەڵێن کوشندەو خراپە بۆ عێراق، وەلێ بۆ ئێمە کوەشندەترو خراپتر، وەک لە تێبینیەکانی خوارەوە رونتر دەبێتەوە.

●– دوای نامەیەکی دولاپەڕەیەی ئەنجا پێشەکیەکە لەژێر ناوی کورتەیەکی جێبەجێکراوی دێت. لە دێری یەکەمی پێشەکیەکە دەقاو دەق وا هاتوە ' بارودۆخی عێراق کوشندەوخراپە، لێرەدا هیچ رێگە چارەیەکی گرەنتیداری سەرکەوتوو نیە، بەڵام تێروانینەکان دەکرێ باشتر بکرێن". لxiii ئەو جۆرە وێناندنە بۆ

بارودۆخی عێراق، واتای سەرنەکەوتنی سیاسەتی کارپێکراو دەگەیەنێ کە بۆتە مایەی جۆرە بێئومێدیەک کە ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی لە ئارادا نەبێ، بەڵکو تەنها ڕێگا بۆ تێرامانو هەوڵی دادێ خۆش بکری. بارەکە هەر وەک خۆی وەک کیلگەیەکی ئەزمونکارییە، ئەوسا لەئەنجامی کۆتایی ئەزمونەکان دەردەچێ کە کامە ڕەوتی گیراوەبەر ڕاستە، ئەنجا ببێتە سیاسەتی سەرەکی. بێگومان لەو نێوەشدا هەر هەوڵێک تا تاقی دەکرێتەوە هەم کاتی خۆی دەوێ هەم کۆمەڵێ پێداویستی لەگەل خۆی دێنێ، کە بۆلایەنەکانی هاوکێشە بارە ئاڵۆزەکەی عێراق قازانجو زەرەرە. ئەوەی لەکاتو لەپێداویستەکانی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتوە سەرجەمی بێ هیچ لێدەرهاوێشتنێک بۆ بەرژەوەندی داهاتوی کورد، بگرە بۆ ئەمرە واقیعیەکەی ئێستاشمان زیانمەندە. چونکە ئەو ڕاپۆرتە کەسەرەنجام هەر ئەوەی لەبەر چاو گرتوە کە پیاوەکانی هێزی جەنگاوەریان "بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە" بۆ بەدیهاتنی ئەو مەرامەیان تەنها بەرژەوەندی پێگەیەک لەسێ پێگە سەرەکیەکانی پێکهاتەی عێراقیان لەبەر چاو گرتوە، ئەویش پێکهاتەی سونەکانە. ئەوەش نەوەک لەبەر خاتری " برای عەرەبی (سوننەی) چاوڕەشم" بەڵکو لەبەر خاتری خاترانی دۆستە سوننیەکانی ناوچەکە وەک لە خاڵەکانی داهاتوودا بەدرێژی ڕونی دەکەمەوە.

●– بەپێی بیردۆزی کارو کاردانەوە بیکەرو هاملتن و هەر هەشت ئەندامەکانی دیکە ڕاپۆرتەکەیان نوسیوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ لۆژیکیش هەروا دەخوازێ. چونکە گەر لەسەر گۆڕەپاندا شتێک نەوروژێنرێ، کارێک ئەنجام نەدرێ؛ پەرچەکرداری لەهەمبەردا ناکرێ. بۆیە لە لاپەڕە xiiiی ڕاپۆرتەکەدا ناوی ئەو لایەنانە هاتوە کەبوونەتە مایەی پشێویو سەر ئێشە، وەک دەڵێ" تەحەداکانی عێراق ئاڵۆزن، بواری کوشندەیی توندوتیژی لە پەرەسەندندایە. بارەکە لەبارە بۆ یاخیبووە سوننیەکان، مێلیشیای شیعەو تیپەکانی مەرگ، قاعیدەو تۆڕی بەرفراوانی تاوانباران. ململانێ مەزهەبی تەحەدایەکە بەسەر سەقامگیری. عێراقیەکان حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دێموکراسیان هەیە. تائێستا بەرەوەپێشوەچونی لە بواری ئاشتەوایی نیشتمانی نەکردوە، نەبنەما سەرەکییەکانی ئاسایش و نەخزمەتگوازاری پێویست هەیە. ڕەشبینی بەسەر بارەکەدا زاڵە". کاتێک مرۆ ئەو بڕگەیە دەخوێنێتەوە هەمو چارەسەریەکانی ڕاپۆرتەکە لەنیو چاوانی ئەو لایەنانەی کە ڕاپۆرتەکە ناوی هیناون دەخوێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەکتیڤبوونی ئەو گروپانەی بڕگەکە ناوی هێناون، بوەتە هۆی ئەوەی سیاسەتمەدارانی ئامریکا بەگوێرەی ئەو ئەکتیڤ بوونەی گروپە ئاژاوەگێرەکانی نێو عێراق بە دەستلەپشتدانی هێزی هەرێمی و دەرەکیەوە هەڵوێستی حیساب بۆکردنیان بۆ هەبێ، ڕەوتی سیاسیانەی ئامریکا بەرەو گۆڕان دەچێ. نوسەرانی ڕاپۆرتەکە وەک لە بڕگە ئاماژە بۆکراوەو بڕگەکانی دیکەی ڕاپۆرتەکە بەراشکاوانە پەنجەیەیان لەسەر هۆکاری سەرئێشەکان داناوە، بەڵام کە باس دێتە سەر چارەسەریەکان وەک لەهەندێ ڕاسپاردەدا هاتوە بەتایبەتیش ڕاسپاردەی 26، 27 و35 چارەسەری پارادۆکس دادنێن، بەوەی هێزو لایەنە تێکدەرەکان پاداشت بکرێن، بەگوێرەی ڕاسپاردەکان دەبی ژیانی سیاسیانەی داهاتوی عێراق هەمو ئەو گروپە ناکۆکانە لەخۆ بگرێ بەدەر لەڕێکخراوی ئەلقاعیدە.

لەو هاوکێشە دژوارەدا دەبێ کورد بپرسێ ئایا شوێنو پێگەمان لە هاوکێشەکەدا چیە؟ ئایا ناومان لەنێو هاوکێشەکەدا بۆ وەک هێزێکی ئەکتیڤی حیسابۆکراو نەهاتوە؟ ئایا هەر بۆئەوەی ناومان ووەک یەکەیەکی هێزدار لە هاوکێشەی چاوخشاندنەوەو نۆژەنکردنەوەی گەمە سیاسەکان نەهاتوە، کە لە سێ ساڵی رابردودا بە پێودانگی سەرو، ڕۆڵمان پاسیڤ بووە؟ ئایا ئەوە واناگەیەنێ کە هەقە وەک چۆن ئامریکا بەسیاسەتی خۆی دادەچێتەوە ئێمەش بەسیاسەتماندا دابچێنەوەو خواستەخاڵە سەرەکیەکانیمان جارێکی دیکە ڕیزبەندی بکەینەوە؟

●– دەربارەی کەرکوک تەنها ئەو بڕگانە بەبێ کۆمێنتار دەهێنمەوە کە خۆیان ڕاڤەی ڕەوشە دژوارەکە دەکەن. ڕاپۆرتەکە وەنەبێ تەنها بڕگەی ڕاسپاردەی 30 بۆ کەرکوک تەرخان کردبی، بەڵکو چەندان بڕگەی هاوواتای ڕاسپاردەی ناوبراوی تۆمارکردوە، وەک:

"لەکەرکوک ململانێ لە نێوان کورد، عەرەب و تورکمان هەیە" ل 6
" بەبەرفراوانی عێراقییەکان، ئامریکاییەکان لایەنە نیودەوڵەتیەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کلیلی روبەروبونەوەی حکومەتی عێراق ئەمانەن؛ ئاشتەوایی نیشتمانی بە دانوستاندن لەگەڵ هاوبەشی سیاسی لەنێوان گروپە مەزهەبیەکان بۆ چاوخشاندنەوە بەدەستور، سیاسەتی ریشەکێشکردنی بەعس، دابەشکردنەوەی داهاتی نەوت، ئایندەی کەرکوک..."ل13
"... ئایندەی کەرکوک.." ل18
" کلیلیکی دیکەی چارەسەرنەکراوی کێشەکە کەرکوکە. ئەوشارە دەوڵەمەند بەنەوتەی کەوتۆتە باکوری عیراقو زێدی ژمارەیەکی سەرەکی کورد، عەرەبو تورکمانن. کوردان سورن لەسەر ئەوەی کەبەپێی دەستورو داخوازی زۆرینەی دانیشتوان لە دیسێمبەری 2007 راپرسی بۆ بکرێو بریاری فەرمی بەگەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کورد بدرێ. لەئەنجامدا عەرەبو تورکمانی کەرکوک بەتوندی دژن. ریسک لەوەدایە کە بڵێسەی توندوتیژی لەگەڵ راپرسیەکەدا مەزن دەبێ". ل 18–19
" تورکیا پشتگیری کەمینەی تورکمان دەکا، تاکو گوشاری خۆیان بخەنەکار بۆ نەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان". ل30
" یارمەتی عێراق بدری بۆ گەیشتن بە ریکەوتنێکی دوقۆڵی پەسندکراو لەسەر کەرکوک". راسپاردەی 2 بڕگەی ix ل46
راسپاردەی 30 ل65" کەرکوک. کێشەیەکی زۆر دژوار بارودۆخی کەرکوکە.، ناوبژیوانێکی نیودەوڵەتی پێویستە بۆ بەدورخستنی توندوتیژی. کەرکوک تێکەڵە لە دانیشتوانی کورد، عەرب و تورکمان وەک بەرمیلیکی بارودی لێکردوە. راپرسی لەسەر ئایندەی کەرکوک(وەک دەستور داخوازیەتی پیش کۆتایی 2007 بکرێ) دەبێتە مایەی تەقینەوە، بۆیە پێویستە دوا بخرێ. ئەو کێشەیە واباشە بخرێتە سەر ئەجیندای گروپی نێودەوڵەتی بۆ پاڵشتی عێراقو ببێتە بەشێک لە دیپلۆماسیەتێکی چڕوپڕی نوێ".

●– کوردستان تەنها بەهەرسی پارێزگاکە وەسف دەکا. بنواڕە ل 6" زۆرترین سەقامگیری پارچەکانی عێراق هەرسی پارێزگاکانی باکورو هەندێ بەشن لە شیعەکانی باشورن".
" چەقی بازنەی کێشەکە فیدرالیزمە. دەستوری عێراق ڕیگەی بەبوونی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیداری بەرفراوان داوە، بەدوایدا هەرێمی لەچەشنی دیکەدا دێن وەک شیعستان لەباشور کە 9 پارێزگا لەخۆ دەگرێ. ئەو ناسەرنترالیزمە پلە باڵایە لای کوردانو زۆرینەی شیعان خۆشەویستە (بەتایبەتی لایەنگرانی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم)، بەڵام ئەوە لای سوننەکان حەرامە. یەکەم لەبەر ئەوەی سوننەکان عێراق ناسیونالیستن، ئەوان لەگەڵ کۆنتێکستی عێراقدان و لەو بڕوایەدان دەبی لەحوکمدابن. دوهەم لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمی کوردەکانو شیعەکاندایە، لە ناوچەی سونییەکاندا توانستی ئابوری نییە. بەتایبەتی کەناکۆکی لەدەستورەکەدا هەیە سەبارتە بە چاوخشاندنەوە بەدابەشکردنی داهاتەکانی نەوتی نیشتمانی ئێستاو یەدەگی نەوت، لەوکاتەی دەستور رێگا دەدا بە هەرێمەکان داهاتی یەدەگی دۆزراوە بۆ خۆیان بێ" ل 18
سەبارەت بەفیدرالیزم، راپۆرتەکە لە لاپەڕە 39دا لەژێر ناونیشانی" دابەشکردن بەسەر سێ هەرێمدا" دەقاو دەق هاتوە "نرخێکی زۆر بەرز هاوکاری گواستنەوەی دەسەڵات بۆ سەر سێ هەرێمی ئۆتۆنۆمیدار دەبێ، کە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند لەدەست دەردەچێ. چونکە دانیشتوانی عێراق بەباشی لەیەک جیاناکرێنەوە، سنوور کێشان لەنێو هەرێمەکاندا ئاسان نیە. هەر هەژدە پارێزگاکانی عێراق تێکەڵەیەکی سەرنشینانن، وەک بەغداو شارە گەورەکانی دیکە. دابەشکردنێکی خێرا جێگۆرکێیەکی جەماوەری گەورەی لەگەڵدا دەبێ، ئاسایشی عێراق زەبون دەکا، مێلیشیاکان بەهێز دەبن، پاکتاوی نەژادی روودەدا، ناسەقامگیری بۆ وڵاتانی دراوسێ پەیدا دەبێ، وڵاتانی دراوسێ هەوڵ دەدەن لە عێراقدا

زاڵ بن. عەرەبێکی سوننەی عێراق پێی گوتین ئەو دابەشکردنە ئەو ترسە لە جیهانی عەرەب دەسەلمێنێ کە ئامریکا بۆ ئەوە عێراقی داگیرکردوە تا دەوڵەتە بەهێزەکانی عەرەب لاواز بکا. لەوکاتەی ئەو دابەزاندنەی دەسەڵات ئەو دەرەنجامانەی بۆ ناسەقامگیری عێراق ببێ، باوەڕناکەین ئامریکا پشتگیری ئەو رەوتە وەک ئامانجێکی سیاسی کە ئەو دەرەنجامەی بۆ سەر عێراق هەبێ، بکا. گەر پێشهاتەکانیش بەو ئاقارە نەگەراوەیەدا چوون، دەبێ وڵاتە یەکگرتوەکان بارودۆخەکە رێکبخا، دەرەنجامە مرۆییەکان چاک بکا، دەست بەسەر تەشەنەکردنی توندو تیژی دابگرێو ناسەقامگیری هەرێمی کەم بکاتەوە. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا بەپێی توانا دەبێ پشتگیری حکومەتێکی ناوەند بکا کە دەسەڵاتی هەبێو کۆنترۆل بگرێتە دەست، بەتایبەتیش مەسەلەی داهاتی نەوت".

ئەوەی سەردێرو ناواخنو پەیامی راپۆرتەکە بە ئاشکرا دەریدەبڕێ توند کردنەوەی دەوڵەتی عێراقەو گێرانەوەیەتی بۆ دۆخی سەنترالیزم. راپۆرتەکە هەمو کات دەستەواژەی"حکومەتی ناوەند" بەکاردەهێنێ. لەهیچ شوێنێک لەوە دانابەزێ. تەنانەت وەک لە پێشەوە دەقەکەی هاتوە باسی فیدرالیزم دەکا، وەک کێشەیەک باسی دەکا، بۆ ئەوە باس دەکا کە کێشەکە بەوە چارەسەر بکری سەنترالیزم جێگەی فیدرالیزم بگرێتەوە. ئەوەی هەر خودی راپۆرتەکە فیدرالیزم بە چەقی بازنەی کێشەکە ناوی دەبا، باس لەوە دەکا کە کوردان فیدرالیزمیان دەوێتو هەروەها بەشێکی زۆری شیعەکانیش، بەڵام ئەوەی رەتی دەکاتەوە، تەنها سوننەکانن. کەواتە هەرچی سوننەکان داخوازیان بێ بۆ فۆرمۆلەکردنی دەوڵەتی عێراق لە بەلاوەنانی فیدرالیزمو دەستکاریکردنی دەستورو چاوگێرانەوە بە سیاسەتی نەوتو گەڕانەوەی بەعسیەکانو ناسیونالیستە عەرەبەکان، بەگوێرەی داڕێژەرانی راپۆرتەژکە دەبێ بۆیان مەیسەر بێ. دەبوایە هەر لەسەرەتاوە نوسەرانی راپۆرتەکە نۆ مانگ خۆیان ماندو نەکردبایە بەڵکو یان هەر راپۆرتی International crises groupیان دوبارە کردبایەوە یان تەنها پرسیان بەچەند سەرێکی سوننەوە کردبا.

●– "ئەفسەرێکی ئامریکی پێی گوتین بەغدا بەرو ئەوە دەچی کە دکتاتۆریەتی شیعە بێ، چونکە سوننەکان لەهەڵبژاردنی پارێزگادا لە 2005دا بایکۆتیان کردبوو، بەمە نوێنەرایەتیان تێدا نیە".ل20

"پێویستە حکومەت پەیامێکی ئاشکرا بۆ سوننەکان بنێرێ‌کە جێگەی خۆیان لەنێو ژیانی سیاسیدا ببیتەوە. لەسەر حکومەت پێویستە هەر ئێستا ئەو کارە بکا، هێمای هیوا بوون بنێرێ. بێ قەناعەتی سوننەکان بەوەی بەشداریەکی باش لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، هیوایەک لە ئارادانیە بۆ کۆتاییهێنان بە یاخیبوو." ل64

جێگەی سەرنجە راسپاردەی ژمارە 50و51 لەسەر ئەوە رژدن کە دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری زیاد بکرێو هێزی پۆلیسیشی بخرێتە سەر، تێبینییەکە لەوەدا زیاتر دێتە پێشەوە کە لەهەردو حکومەتە هەڵبژێردراوەکاندا وەزارەتی ناوبراو پشکی سوننەکان بوە. ئەو جۆرە دابەشکردنە وەک نەریتێکی لێهاتوە کەلەداهاتوشدا هەر بۆ ئەوان بێ. ئەوسا لەکاتی باسک ئەستور بونی ئەو وەزارەتە هاوکێشەی هێز لە ناو حکومەتدا چۆن بەرەو گۆران دەچێ. ئاشکراشە لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بوەو لەوەتەی سوپای عێراق (فەوجی یەکەمی عێراق بەناوی ئیمام موسای کازم) چ ئەزمونو پسپۆرێتیەکیان لە سەرکوتکردن هەیە.

پرسی دەسەڵات لەلایەن سوننە پرسێکی چارەنوسسازەو چونکە لە دیرۆکدا هەر لەسەر ئەوان تاپۆ کراوە. ئەوەی زیاتر دنەی دوبارە دەسەڵاتگرتنە دەستیان دەدا یان هەرهیچ نەبێ هاوبەشیەکی کارا دەوروبەرە سوننەکەیانە، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبیەکان کە هەمویان سوننەن و لەمەترسی کشانی نیوە هەیڤی شیعە دەترسن.

زۆر جێگەی سەرنجە راپۆرتەکە وەک لەلاپەرە 15دا هاتوە هاوکێشەی دژایەتی سوننە بۆ ئامریکای بەو شێوە دارشتوە" سوننەی عەرەب هەست بەبێجێی خۆی دەکا، چونکە پێگەی هێزی تەقلیدیان لەعێراق

لەدەست دەرچوو. ئەوان پەشۆکاونو دڵنیانینو بەدوای ئامانجە سەرەکیەکانیان لەپرۆسەی سیاسی لەڕێگای توندوتیژی یاخیبونەوە دەگەڕێن. ئەوان توڕەن لە ئامریکا سەبارەت بە بریاری هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق ولەسەررۆیشتنی سیاسەتی ریشەکێشکردنی بەعس. سوننەکان روبەڕوی پارادۆکس بوونەتەوە؛ ئەوان دژی مانەوەی هێزەکانی ئامریکان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستیان بەو هێزانە هەیە تا لە میلیشیا شیعەکانیان بپارێزن".

پێموایە ئەو دو دێڕانەی دوایی پەیامێکی ئاشکرای پڕ لەگەڤو لەهەمان کاتیشدا پر لە پاداشتکردنن بۆ سوننەکان، بەوەی لە جیهانی سوننەی دەورو بەرتان تەنها ئێوەن دژی ئێمەن، لەکاتێکدا چاکەی پاراستنی ئێوە هەر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، لەهەمان کاتیشدا کارتی گوشارە بەسەر شیعەکان کە پاراستنی سوننەکان لەسەر ئێمەیە.

مەسەلەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان بەپێی رۆیشتن لەسەر سیاسەتی واقیعیانە کە کیسنجەر داڕێژەریەتی، لە سیاسەتی دوحزبیانەی ئامریکا لەشوێنی دیکەش رەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە لیرەدا ئاماژە بەهەندێ لێکدانەوەکانی مادلین ئۆلبرایت وەزیری پێشوتری دەرەوەی ئامریکا لە دوا کتێبی خۆیدا دەکەین کەچەند نارێکە لەگەڵ سیاسەتی ئێستای کۆمارییەکان. بە پێی رای ئۆلبرایت ئامریکا تائێستا سێ هەڵەی مێژویی کردوون، شەڕی ڤێتنام، سەوداکردنی هەڵە لەگەڵ شا لەسەروبەندی شۆرشی خومێنی، سێهەمیشیان گرتنی عێراق. لەو گرتنەدا ئۆلبرایت هەمان خەمی سەرانی وڵاتە سوننەکانی وەک ئوردن، سعودیە میسر بەنمونە دەهێنێتەوەکە زۆرینەی موسڵمانان سوننەن، بۆیە گۆرانکارییەکانی عێراق هاوکێشەکە بەرەو لای نیوە هەیڤی شیعەکان دەبا، کە لە دوارۆژدا دەوڵەتی شیعەو سوننە دروست دەکاتو کێشەگەلێکی زۆر دێنێتەوەو دەبێتە مایەی سەرئێشەیەکی بەردەوام بۆ بەرژەوەندیەکانی ئامریکا. بۆیە بەقسەی ئۆلبرایت؛ دەبێ سیاسەتی ئامریکا بگۆرێو بەرو ئیسلامو عەرەبکان بچێ بەتایبەتی سونەکان، لەنێو سوننەکانیشدا راستکرنەوی سیاسەتی عێراق، چونکە بەقسەی ئۆلبرایت ئامریکا دیموکراسی لەو ناوچانە پەرە پێبدا نەوەک شۆڕشیان پێبکا.[1]

لێرەدا هەقە ئەوەش بەبیر خوێنەراندا بێنینەوە کە ئێستا کۆنگرێس بەهەردو ئەنجومەنەکەیەوە دیموکراتخوازان زۆرینەن، ئەوان دژی سیاسەتەکانی ئیدارەی ئێستان لە عێراق و پشتگیری راپۆرتەکەی بێکەر– هاملتنن. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دیموکراتەکان هەمێشە بەمێژوی خۆیان دەنازن بەوەی پێیان لەهەڵەکانی سیاسەتی ئامریکادا ناو چاکەی گەڕانەوە لە ڤێتنام بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. ئێستاش کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا عیراق بە ڤێتنام دەچوێنن، ئەو ترسە زیاتر زەق دەبێتەوە.

●– بێجگە لەرۆڵی وڵاتە دراوسیکانی عەرەب، رۆڵی تورکیاش لەو هاوکێشەیەدا گرنگە. ئەوەی لەراپۆتەکەدا سەبارەت بە کاردانەوەی تورکیادا هاتوە تەنها یەک شتە ئەویش نیگەرانیو ترسیانە لە داخوازی کوردان،نەوەک هەر سەربەخۆیی بەڵکو گەرئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوانیش بەدەست بهێنن. راپۆرتەکە ناشارێتەوە کەتورکیا پشتیوانی تورکمانەکان دەکا بۆ دژایەتی کردنی ماددەی 140. توکیا هەرەشەی دەستێوەردان دەکا.(لاپەڕە 30 و47ی راپۆرتەکە). دوای ئەوەی رۆڵی تورکیا لەجوڵاندنی کارتی تورکمانەکان ئەو مەبەستەی لێ نەهاتەوە کەداخوازی بوو، ئێستا هاوکار لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان گەمە لەسەر کارتی سوننەکان دەکا. ئەو کۆنگرەیی دواییەی ئەستەمبۆل بۆ پاڵپشتی سوننەکان باشترین گەواهی بەردەستە. ئاشکراشە حکومەتی حزبە ئیسلامیەکەی ئێستایان، کایەی ئەو گەمەی خۆشکردوەو سەداشی دەبێ.

●– زۆر لەمێژە باس لەبەنێو دوڵەتیکردنی کێشەی عێراق دەکرێ، ئەوەش زیاتر لەوەو هاتوە کە دەبێ وڵاتانی دراوسێوو وڵاتە عەرەبیەکانی دیکە جێپەنجەیان لەسەر رەوتی روداوەکان دیار بێ، هەرهیچ

[1] تکایە بۆ زیاتر بنوارە : Madeleine Albright, The Mighty and the Almighty, Reflection on America, god, and world affairs, 2006

نەبێ بۆ پرسی ئەوەی پێی دەگوترێ ئاشتەوایی نیشتمانی. راپۆرتەکەش لەچەندان راسپاردەی خۆی ئەو مەسەلەی زۆر بەهەند هەڵگرتوەو داخوازی رۆڵی کارای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکا.

بیجگە لەی راپۆرتەکە یەکێ لەخاڵە وروژێنەرەکانی لەسەر هاوکاری هێزەکانی دەرەکی بەند بوە وەک بەشدارییپێکردنی ئێرانو سوریا لە قسەکردنو باشکردنی باری ئاسایشی عێراق، کە جارێ خۆشبەختانە ئیدارەی بوش بەباشی بۆی قوت نادرێ، راپۆرتەکە راسپاردەی3ی بۆ کۆنفرانسێک لەسەر ئاستی جامیعەی عەرەبیو کۆنگرەی ئیسلامی تەرخان کردوە، دواتر بەدرێژی باسی گروپی نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتی عێراق لە راسپاردەی 38 سەبارەت بەپسپۆرانی نێودەوڵەتی بۆ نەهێلانی میلیشاکان، هەموی ئەگەری دەستێوەردانی ولاتانی دراوسێو عەرەبەکانە لەبن سێبەری بەنێودەوڵەتیکردن. قسەی لەسەر نیە ئەوەی زەرەرمەندبێ لەبەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی عێراق بەتایبەتیش ماددەی 140 تەنها کوردە. چونکە سوننەکانی عێراق قولایی خۆیان لە ولاتە عەرەبییەکان دەبینن، ئەوانیش بەرۆڵی خۆیان کارانگازی زۆریان نەوەک هەر بەسەر رێکخراوەکانی حامیعەی عەرەبیو ریکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیەوە هەیە، بەڵکو بەسەر نەتەوە یەکگرتوەکانیش هەیە. جێی سەرنجە رێکخراوێکی ناحکومی وەک گروپی قەیرانی نێو دەوڵەتیInternatuional crises groupعێراق لەچاوی سوننەدا دەخوێنێتەوەو هەمو راسپاردەکانیشی کەسەنگی خۆیان هەیە لە راژەی ئەواندان.

لەرابردوەدا پێش 09–04–2003گەر بۆ کورد بەنێودەوڵەتیکردنی کیشەی عێراق قازانج بوایە دوای ئەو بەرواره تەواو پێچەوانەیە.

●– ئەوی دیسان جێی سەرنجە سوننەکان لەعێراق مایەی سەرئێشەن بۆ ئامریکا، شێعەکان بەپێچەوانەوە، هەرچی لەولاتانی دیکەیە بەتایبەتی لە ولاتێکی پڕ لەکێشەی هاوشانی عێراق لە لوبنان رۆڵەکان ئاوەژون. دەرچەی دەستبالابونی سوننەکان لەعێراقدا بەسۆنگەی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبایەتیو دیرۆکی 80 ساڵەی عیراقو داخوازیان بۆ عێراقی داهاتو و پاڵپشتو قولایی ستراتیژیان، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کورد یەک ناگرێتەوە. مایەی تێرامانە، کاتی خۆی وەک دەگوترێ یەکێ لەوهۆیانەی کوردستانی باشور(ولایەتی موسڵ)ی بەعێراقەوە لکاند جۆرە هاوسەنگێک بو لەنێوان شیعەو سوننەدا. بەلام ئەوان قەت ئەو مەسەلەیان لەبەرچاو نەگرتوباکیان پێنەبوەو پێ نیە، بۆیە گەر هاوکێشەکە بەبارەکەیدیدا بروا بەوەی 60+20 بێتە گۆڕێ. ئیدی کورد لەگەڵ شیعە تای یەکەمی هاوکێشەکە بن ئەوەش بەپێی لۆژیکی دێموکراسیانە لەباری دەستتێوەرنەردانی دەرەکی سەقامگیری سیاسی مسۆگەر دەکا.

●– ئەو راپۆرتە گەر بێتو رەوتی سیاسیانەی حکومەتی بوش لەمەڕ عێراق نەشگۆڕێ، زەنگێکی ترسناکی بێدار بوونەوەیە. لەدوتوێی ئەو راپۆرتە دەردەکەوێ کە هێڵی گشتی داڕاشتنی سیاسەتو ئەوانەی لە پشتەوەشن لەحیساباتی خۆیاندا بۆ عێراق، کورد ئەو پێگەیەی نیە کەهەق وا بوایە هەیبێ، یان وەک ئەوەی کورد لە ئامریکای هاوپەیمانی رەچاو دەکرد .

بێگومان کاردانەوە لە ئاست ئەو ڕاپۆرتە دا رەتکردنەوەیە. هەقە رەتکردنەوەکە بە دو قۆناخ بێ؛ یەکەمیان ئەو ماوەیەی تا سەرەک بوش دیاری کردوە کە زۆر نیەو سەرەتای ساڵی دادێ یەو ستراتیژیەکەی بەدەر دەکەوێ، راپۆرتەکەش کارانگازیتی لەسەر دەبێ. لەو قۆناخەدا ئەوەی لەدەست کورد دێ پێویستە بەخێرایی بیکات یان هەر هیچ نەبێ پەیامەکانی راشکاوانە بێ، بە رێگەگرتن لەوەی جێبەجێکردنی راپۆرتەکە هەمو خاڵەکانی بگرێتەخۆ، واتە قورساییەکەی سوک بکرێ. لەو قۆناخەدا چۆن ئامریکا بەسیاسەتی خۆی دادەچێتەوە ئاواش کورد بەسیاسەتی خۆی بەرامبەر گەمەکاندا بچێتەوە، یەکەمین خاڵی پێداچونەوەش بازنەی هاوپەیمانێتی نێو خۆ (عێراقی) و هەرێمی و دەرەکی گرنگە. لەسەر ئاستی کوردستانیش پێویستە بزوتنەوەی ریفراندۆم کارابکرێتەوەو چوارچێوەیەکی فراوانتری بدرێتی.

بێگومان قۆناخی دوهەمیش لەدوای بڕیاری بوشەوە دەست پێدەکا. ئەوسا گەر ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە بوونەسەر خەتی سیاسەتی نوێ ئەوا هەر دەبێ بەنەخشەی پرۆسەی سیاسی عێراقدا بچینەو لەگەڵ خۆتەیارکردنێکی تەواو و کاررکردنێکی وا کەبەم جۆرە کۆتایی دنیا نایەتو نەتەوەکەمان لە بێئومێدی کوشندە ڕزگار بکەین. خۆگەر ڕاسپاردە دژوارەکانیش جێبەجێ نەکران ئەوا بێدار بونەوە پێویستە بەردەوامی ببێ، چونکە هەڵبژاردنی دادێ لە ئامریکا لەپێشەو جارێکی دیکە گۆڕین لە سیاسەتدا بە تەکانێکی بەگوڕتر دێتە پێش.

●– لەکۆڕێکم لەسەر پاڵتاک دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە، ڕوبەڕوی پرسیارێک بوومەوە کە ئایا لیژنەی بێکەر–هاملتۆن ئاوڕیان لەجاشەکانیش نەداوەتەوە؟


پرسەکە سەیر نیە، بەڵام ناوەڕۆکی ڕاسپاردەی 27 سەیرە کەداخوازی نەک هەر کۆنە بەعسیەکانو ناسیونالیستە عەڕەبەکان دەکاتەوە، بەڵکو" داوا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکاش دەکا هانی عێڕاقیە پرۆفێشیونالو دیارەکان لە سوننە یان شیعە، ناسیۆنالست یان بەعسیە کۆنەکان، کوردو تورکمان یان کریستیانو عەڕەب بدا بۆ نێو حکومەت". ئاشکرایە ئەوحکومەتەی هەیە حکومەتی تەوافوقی هەر سێ پێگەی سەرەکیە، یان بە پلەی یەکم هی شیعەو کوردە، گەر وابێ بەپێی ڕاسپاردەکە بێ پرۆفێشیۆنال ودیارەکانی بواری حوکمرانی لە نێوکوردا کەلە حکومەت نەبن، هەر جاشو خۆفرۆشانی جاری جارانن!. ڕاڤەکردنی ئەو بڕگەیە هەر ئەوە هەڵدەگرێ کە برادەرەکەی پاڵتالک پرسەکەی لەبارەیەوە کرد.

●– ئەوەی تائیستا مایەی دڵخۆشیەو دەکرێ دەستی پێوە بگیرێ بۆ بەرەنگاری بوونەوەی ڕاسپاردەکان، ناڕازیبوونی شیعەکانە بە ڕاسپاردەکان، کە پێویستە هاوپەیمانێتی لەگەڵیان قوڵتر ببێتەوە بەئاراستەی یەکدەنگی ڕەتکردنەوەو خۆدا لە قەرەی کارتی 80 +20. لەسەر ئاستی ناوچەکەش ئیسڕائیل بەشێکی نێو دەوڵەتی ڕەتکردۆتەوە، چونکە ڕاپۆرتەکە زۆر پێی لێهەڵبڕیوە، بەوەی کێشەی عێراقی نەوەک هەر بە فەلەستین بەستۆتەوە بەڵکو بە کشانەوە لە جۆلانەوە بەستۆتەوە. لۆبی جو لە ئامریکا ڕۆڵی کارانگازی هەیە دەکرێ کاریان لەگەڵ بکری.

●– ڕاپۆرتەکە لە لاپەڕە 92دا کاتێ باسی باڵوێزخانەی ئامریکا لەعێڕاق دەکا ڕەخنەی ئەوەیان لی دەگرێ کە باڵوێزخانەکە لە 1000کەس پێک هاتوون، بەڵام تەنها 33 کەسیان عەڕەبی قسە دەکەن، بۆیە ڕاسپاردەی وایە کە گرنگی زیاتر بەزمانی عەرەبی بدەن.


●–ڕاپۆرتەکە چوار نەخشەی عێڕاقی لەخۆوە گرتوە. لەنەخشەی دوهەمو چوارەمدا زۆرایەتی پێکهاتەکانی عێڕاقی نیشانداوە. لەو نەخشانەدا کەرکوک کەوتۆتە نیو ناوچە کوردییەکان و سنوری کوردستانیش تەواو بەناوموسڵدا دەڕواتو بەگوێرەی نەخشەکە بێ شارەکەی کردۆتە دو لەت. ئەو نەخشەیە بەتایبەتی لەمەڕ شوێنی جوگرافیایی کەرکوک لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەرگومەنتەکانی ڕاپۆرتەکە ڕێک ناکەوێتەوە کەدەڵی زەحمەتە سنوورەکان لەیەک جیابکرێنەوە، هەر هەژدە پارێزگاکە تێکەڵیەکی دانیشتوانن.

●– ساڵی 1924 لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی بۆ ولایەتی موسڵ ڕاپۆرتیکی نوسی بەو ڕاسپاردەی کە ولایەتەکە بە عێراقی تازەوە( ولایەتی بەسراو بەغدا) بلکێنرێ، بەڵام ئەوکات چەند مەرجێکی دانابو، بەوەی باری زمانو هەرێمایەتیو مافەکان ئیداریەکانی زۆرینەی سەرنشینان کە کوردن لەبەر چاو بگرێ. بەلام دەوڵەتی عێڕاق لەماوەی 80 ساڵەی خۆیدا ئەو مەرجەی نەهێنایە دی. کەچی ئێستا لیژنەی بێکەر– هاملتون دەیانەوێ دیسان دوەڵەتێکی مەرکەزی وەک جاران بەڕادان بدەنەوە، و فەرمانڕەوایانش هەر هەمان ئەوانە بن کە 80 ساڵە کارەسات بەسەر کوردو شیعە دەبارێنن.




100


www.dengekan.com
21-12-2006


TURKEY
IRAN
SYRIA
IRAQ
SAUDI ARABIA
KUWAIT
Zakhu
Dahuk
Tall Kayt
Rawanduz
Sinjar
Mosul
Arbil
Kirkuk
Sulaymaniyah
Halabjah
Tikrit
Samarra
Mandali
BAGHDAD
Ramadi
Ar Rutbah
Tigris R.
Karbala
Hillah
Al Kut
Najaf
Diwaniyah
Amarah
Euphrates R.
Nasiriyah
Basrah
N
Distribution of Religious and Ethnic Groups
Majority Groups
Sunni Arab
Sunni Kurd
Shia Arab
Sunni Arab and Sunni Kurd
Sunni Arab and Shia Arab
Minority Groups
Yezidi
Turkoman
Iranian
Christian
Mandaean
Jewish
Christians represent different sects and ethnic groups.
Yezidis, Mandaeans, and Jews, although shown as religious groups, may also be considered as separate ethnic entities.
STATUTE MILES
0
100
200
0
100
200
KILOMETERS

102